## حکومەتی دیموکراسی لە ئەمریکادا



ئەلیکس دی تۆکیۆڤیل (Alexis de Tocqueville) ـ (1805–1859)

لە ئینگلیزییەوە: حامد مورادی

**ئێمە لە ئەورووپا نازانین کە بە چ شێوەیەک دادوەری و هەڵسەنگاندنی کارەکتەری ڕاستەقینە و بەردەوامبوونی سروشتی دیموکراسی بکەین، لە بەر ئەوە کە لە ئەورووپادا دوو بنەما بوونیان هەیە، کە بەردەوام لە بگرە و بەردەدان و بنەماکانیانمان بۆ روون نین و نازانین کە ئەم بگرە و بەردەیە بەرهەمی کامیانە.**

نموونەی وامان لە ئەمریکادا نییە، سەروەریی خەڵک بە بێ هیچ کۆسپ و لەمپەرێک جێگیرە و مەترسییەک هەڕەشەیان لێ ناکا و هیچ پیلانی تۆڵەئەستاندنەوەیەک لە ئارادا نییە.

دیموکراسی لە ئەمریکا گرێدراوە بە مەیل و ئیرادەی سروشتی تاکەکانەوە. دیموکراسی رەوتێکی سروشتییە و هەڵسوران و چالاکیی بێ بەربەستن، هەر بۆیە دەبێ لەوێوە دادوەری بکرێ لەسەر ئەکتەرە ڕاستەقینەکانیەوە و هیچ شتێک ناتوانێ بۆ خەڵکی فەرانسە پڕ بایەختر و گرینگتر لە هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی بێ، کە کوێر کوێرانە و بە بێ خۆراگری بەرەوپیری پێکهاتەیەک دەچن، کە ڕەنگە سەلمێنەری بنەماکانی دیسپۆتیزم یان کۆماری بێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە پێکهاتەی دیموکراسی دەبێ.

### - مافی دەنگدانی گشتی

شرۆڤەی ئەوەم کردووە، کە مافی دەنگدانی گشتی لەلایەن تێکرای هەرێمەکانی یەکێتییەکەوە پەسند و قبووڵ کراوە؛ ئەم پرۆسەیە لەو کۆمەڵگەیانەدا بوونی هەیە، کە پێوانەی کۆمەڵایەتیبوونی بە پێی بارودۆخی جیاوازیی دانیشتووانە. ئەو هەلەم بۆ ڕەخسا کە بە وردی شرۆڤەی کاریگەرییەکانی بکەم لەسەر ناوچە جیاواز و ڕەگەزەکانی مرۆڤایەتی کە تا رادەیەک زمان، ئایین، دابونەریت و شێوەی ژیانیان لە یەکتر جیاوازە؛ ئەم هەڵسەنگاندنەم لە لویزیان (Louisiana) نیۆئینگلاند، جۆرجیا و کانەدا دا کرد. رامگەیاند کە دەرەنجامە خراپ یان باشەکانی دابینکردنی مافی دەنگدانی گشتی جگە لە ئەمریکا، لە ئەورووپا چاوەڕوان کراوە، لە کۆی گشتیدا کاریگەرییەکانی زۆر جیاوازترن لەوەی کە دەدرێنە پاڵی.

### - هەڵبژاردنی خەڵک و جیاوازییە سروشتییەکانی دیموکراسی ئەمریکایی

زۆربەی خەڵکی ئەورووپا ئەو پرۆسەیەی ئەمریکییەکان، بە باوەڕێکی شیاو دەزانن، بێ ئەوەی

کە سەبارەت بەو شتێک بلێن یان بێ ئەوەی کە بڵێن باوەڕیان پێیەتی، یەکێک لە سوودە مەزنەکانی مافی دەنگدانی گشتی ئەوەیە، کە بەرپرسایەتی بەڕێوەبردنی ئەو بابەتە مرۆڤیانەی کە جێگای ڕێز و متمانەی گشتین وەستۆ دەگرێ، قبووڵی ئەوەیان کرد کە خەڵک توانایی دەسەڵات کردنی نییە، بەڵام پێداگربوون لەسەر ئەوە کە، ئاواتی بەردەوامی خەڵک شکۆمەندی وڵاتە و دەخوازن کە بە ئیرادە و نییەت پاکییەوە دەسنیشانی شیاوترین ئامراز و ڕێگا چارەکان بۆ هێنانە دی بەرزترین دەسەڵات بکەن. دان بەوەدا دەنێم کە ئەو شرۆڤەی کە لە ئەمریکام کردووە لەگەڵ ئەم مەبەستانە یەک ناگرنەوە و تەبانین.

کاتێ کە گەییشتمە ویلایەتە یەکگرتووەکان، تووشی سەرسوڕمان و حەپەسان بووم، لە دیتنی ئەو هەموو دەستەبژێر و لێهاتووە لە نێو هاوڵاتیاندا و بەرێژەیەکی کەمتریش، لە نێو سەرکردەکانی دەسەڵاتدا.

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هەنووکە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، بەرە بەرە شیاوترین مرۆڤەکان دەبنە کارەکتەری سەرەکی، ئەوەش دەبێ لێکەوتی ئاگاهی و زانیاریی بێ، کە بەشێک لە پرۆسەی دیموکراسی، سەرەڕای سنوورەکانی پێشووی تێپەڕاندووە.

لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێ، کە لە ماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا، ململانێ نێوان سیاسەتوانانی ئەمریکایی بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە.

ئەو گریمانە باوە، کە ئەوە ئەو سروشتە شاراوەیە کە دەبێتە هۆی گواستنەوەی یاسا و ریساکانی ئاستی خوارەوە بۆ ئاستی سەرەوە و تا ئەو جێگەیە دەرەتانی هەبێ، بەڕێوەبەری ئەو بابەتە گشتییانە دەکا، کە تایبەتی فەرانسەن.

هەر چەند کە نموونە هێنانەوەی فەرانسەم لەم بوارەدا هەڵەیە، لە بەرئەوە کە ئەم جۆرە سروشتە لە فەرانسەدا بوونی نییە، چونکە ئەوە سروشتی دیموکراسییە و هۆی بەدەستهێنانی ئەو ئاستە بەرزە دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی تایبەتیی سیاسی یان ڕەنگە بەڵگە و سەرچاوەی گەورەتری هەبێ.

خەڵک لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بێزار نین لە چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕێگەیان پێ نادەن کە هەژموونی خۆیان بسەپێنن و ئەسپی دەسەڵات تاودەن.

لە دەرخستن و دەسنیشانکردنی دەستەبژێر و لێهاتووەکان بە پەرۆش نین، بەڵام بەرە بەرە هەوڵی دۆزینەوەیان دەدەن.

بە گشتی هەر کەسێک کە بە بێ پشتیوانی ئەوان هەڵکشا بێ، بەرە بەرە سەرنجیان ڕادەکێشێ و دەبێتە کەسی دڵخوازیان.

مافی دەنگدانی گشتی بەو مانایە نییە، کە گەرەنتی هەڵبژاردنێکی عەقڵانییە لە لایەن جەماوەرەوە. ئەگەر چی ڕەنگە ئەوە تەنیا یەکێک لە قازانجەکانی نەبێ.

ئەو هۆکارانەی کە ڕەنگە تا ڕادەیەک ڕۆڵیان هەبێ لە پێکهێنانی مەبەستەکانی دێمۆکراسیدا شیم کردوونەتەوە، کە ئاستی سیاسەتوانانی ئەمڕۆی ئەمریکایی لە چاو پەنجا ساڵی پێش لە ئێستا، زۆر دابەزیوە. ئەمەش بە زۆری دەرەنجامی ئەو بارودۆخەیە، کە یاساکانی وڵات پێکیان هێناوە.

کاتێک کە ئەمریکا سەرقاڵی خەبات بۆ چارەسەرکردنی کێشەگەلی گەورەتر چەشنی سەربەخۆیی و ڕزگاریی ئەمریکا لە چنگ وڵاتانی دیکەدا بوو، کاتێک کە ڕێنمایی میللەتێکی نوێی بۆ نێو جیهان دەکرد، جەوهەر و وشیاریی دانیشتووانی

له هەڵچووندا بوو و خوازیاری وەدیهاتنی ئامانجە گەورەکانیان له ئاستێکی بەرزدا بوون.

لەم هەڵچوونە گشتییەدا، مرۆڤە بەرچاو و شارەزاکان ئامادە بوون کە پێشبینی هەندێک دیاردە بکەن بۆ کۆمەڵگە، لە بەرانبەریشدا خەڵک ئامادە بوون کە بۆ گەیاندیان بە پلە و پایە پشتیوانی و پەیرەوییان لێوە بکەن. بەڵام لە بیرمان نەچێ، کە ئەم جۆرە رووداوانە دەگمەنن؛ پێکهێنانی ئەم جۆرە رووداوانە ئەرکی دادگا ئاساییەکانە و دەبێ دادوەرەکان فۆرمی پێبدەن. هەندێک جار پاش تێپەڕینی رووداوەکان خولیا و تامەزرۆیی دیموکراسی، وشیاریی و ئەخلاقی کۆمەڵگە هەڵدەسەنگێندرێ، کە کاریگەریی زیاتر لەسەر ئەوانە دادەنێ، کە هێزیان کەمترە و مانەوەیان سەقامگیرترە. ئەمەش شتێکە کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بە زۆری هەستی پێدەکرێ.

له نیۆئینگلاند، کە پەروەردە، راهێنان و ئازادیی ئەخلاقی کچان و ئایین هاتە ئاراوە، کۆمەڵگە لە سەردەمێکی گونجاودا هەلی رەخساند بۆ پراکتیزە کردنی بنەماکانی و ئاوێتەکردنی بە کولتوری خەڵک. خەڵکی رەشایی بەردەوام رێز لە زانست و ئەخلاقی بەرز دەگرن و بە بێ گێرە و کێشە ملکەچی دەبن و لە هەمان کاتدا ئەو پێگە و جیاوازییەی کە ماڵ و سامان و رەچەڵەک لە نێوان مرۆڤایەتیدا پێکیهێناوە بە هێند وەرناگرن. لێکەوتی دیموکراسی لە نیۆئینگلاند ئەوەیە کە پرۆسەی هەڵبژاردن لەوێ زیاتر لە شوێنەکانی تر عەقڵانییە.

بەڵام کاتێک کە بەرەو باشوور دەچین واتە بەرەو ئەو هەرێمانەی کە بنەما کۆمەڵایەتییەکانیان نوێ بەڵام بێ هێزە، دەبینی کە پەروەردە و راهێنان کەمتر گشتییە و بنەماکانی ئازادیی ئەخلاقی و ئایینی بە کەمی پێشوازییان لێدەکرێ و هەوڵ بۆ گۆڕینیان دەدرێ، هەروەها هەستمان بەوە کرد کە مرۆڤە کارامە و لێهاتووەکان بە کەمی بەشداری دەسەڵاتن و بە دەگمەن بوونیان هەیە.

لە کۆتاییدا، کاتێک کە گەییشتینە هەرێمە نوێیەکانی باشووری رۆژئاوا، بینیمان کە رێکەوتی دامەزراندنی دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکان لە دوێنێ و ئێستادا دیاری کرابوون، بەڵام تەنیا کۆبوونەوەیەکی دەستەبژێرەکان بوو، لە بینینی ئەو کەسایەتییانەی کە دەسەڵاتی گشتییان بە دەستەوە بوو، تووشی حەپەسان بووین و رێگەماندا بە داوای هێز، سەربەخۆیی یاسادانان و بەشداری مرۆڤەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە دارشتنیدا؛ دەوڵەت دەتوانێ پارێزگاری لە کۆمەڵگە بکا و بەرەو ئاوەدانبوونەوە، پێشکەوتن و پەرەپێدان پاڵی پێوەنێ.

### - دەسەڵاتی جێبەجێکەری یاساکان لە ژێر سەروەریی دیموکراسی ئەمریکادا

هیچ یەک لە دەوڵەتە دیسپۆتیزتەکان دڵنیا نین لە چارەنووسی خۆیان و فەرمانبەرە گشتییەکان، ئەمنییەتیان لە ئەمنییەتی کەسایەتییە بێ لایەنەکان زیاتر نییە.

سەروەرییەک کە هەڵسوکەوت، ژیان، ماڵ و سامانی فەرمانبەر دەخاتە ژێر چاودێرییەوە، تەنانەت هەندێکجاریش ئابروو و شکۆی ئەو مرۆڤانەی کە کاری بۆ دەکەن دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، وابیر دەکرێتەوە کە هیچ نیگەرانییەکی بە نیسبەت ئەوانەوە نییە و رێگا دەدا کە ئازادیی کردەوەییان هەبێ، لە بەر ئەوەی کە بەو قەناعەتە گەییشتووە دژ بەو بەکاری ناهێنن.

لە حکومەتە دیسپۆتیزتەکاندا، سەروەریی بە زۆری بەستراوەتەوە بە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و پێی خۆش نییە کە هیچ شتێک پێچەوانەی بڕیارەکانی بێ، پێی خۆشە کە خولقێنەرانی بێ سەروبەرەیی و ئاژاوە بناسێ، جۆرێک کە وا هەست دەکرێ بەردەوام بە چاوێکی دۆگمەوە دەروانێتە دەوروبەر و پێیوایە کە هیچ کەسێک بۆ هاتنە دی ئامانجەکانی هەوڵ نادات.

لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا، زۆرایەتی مافی ئەوەی هەیە کە هەر ساڵە لە ڕێگەی دەسەڵاتەوە کۆنترۆڵی ئەو ئیدارانەی کە دەسنیشان کراوە وەستۆ بگرێ، ئەوەش نابێتە هۆی ئەوە، کە نیگەرانی کەڵکوەرگرتنی خەراپ لە دەسەڵات بێن. بە شێوەیەک کە خەڵک بەردەوام لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا متمانەیان پێدەکەن و بە شیاو و گرینگیان دەزانن و مانەوەیان لە دەسەڵات و دانی ئازادیی کردەوەیی بە گونجاوتر دەزانن، لەوەی کە هەندێک یاسا و بڕیاراتی نەگۆڕ و لە پێشدا داڕێژراویان بە سەردا بسەپێنن، کە بە خێرایی دەبێتە لەمپەر و کۆسپ لە بەردەم دەسەڵاتی جەماوەردا.

ڕەنگە لە هەر شیکردنەوەیەکدا، ڕاڤەکار بەوە بگات کە لە ژێر بڕیاراتی دیموکراسیدا، دەبێ پانتایی چالاکیی دڵخوازی بەڕێوەبەری یاسا، بەربلاوتر بێ لە چاو دەسەڵاتە دیسپۆتیزتەکان.

لە کۆتاییدا فەرمانڕەوای دیسپۆتیزم دەتوانێ سزای تاوانبار و هەڵەکاران بدات، بەڵام نابێ زۆریش دڵخۆش بێ بەوە کە بتوانێ دەسنیشانی سەرجەم تاوانبارەکان بکا.

**- لە سیستەمە دیموکراتەکاندا، بە پێچەوانە، فەرمانڕەوا، تەنیا هێزی باڵا نییە.**

لە ڕاستیدا فەرمانبەرە ئەمریکییەکان لە چاو فەرمانبەرە ئەورووپییەکان ئازادیی کردەوەییان زیاترە، هەروەها ئەو یاسایانەی کە لە ئیدارەکان لە بەڕێوەبردنی چالاکییەکانیاندا دەسنیشان کراون، بەربلاوتر و کراوەترن. زۆربەی ئەو بابەتانەی کە ئیشی پێدەکەن، ئاساییە و درێژەدانی بۆ ئەوان قورس نییە، هەروەها لە هەڵبژاردنی شێوازەکانی بڕیاردانیاندا سەرپشکن.

بۆ نموونە لە نیوئینگلاندا ئەندامی ئەنجوومەنی شاری (selectmen) هەرکام لە شارۆچکەکان پێرستێک لە نێو ئەو کەسانەی کە دەیانهەوێ لە لیژنەی دادوەراندا خزمەت بکەن ئامادە دەکا؛ تەنیا بنەمایەک کە کاریگەریی بەهێزی هەیە لە هەڵبژاردنی پاڵێوراوانی لیژنەی دادوەری و بەشێک لەو هاوڵاتیانەی کە خاوەن مافی دەنگدانن، سەرنج بە ناو و ناوبانگی شیاو و دڵخواز دەدەن. ئەگەر فەرمانبەرە گشتییەکانی فەرەنسا بە هەموو جۆرەکانییەوە مافی بێ سنووریان هەبوایێ، بێگومان ژیان و ئازادیی لە بواری زەینییەوە بەرەو ئاراستەیەکی ترسناک دەڕۆیشت.

بەرپرسانی دادگاکانی نیوئینگلاند لە بڕیارێکدا خواردن و دابینکردنی خواردنەوەی لیکۆریان لە شوێنە گشتییەکاندا قەدەغە کرد. ئەم جۆرە سانسۆرانە دەبنە هۆی ڕاپەڕینی خەڵک دژی دەسەڵاتە ڕەهاکان، هەر چەند کە لێرەدا واتە لە نیوئینگلاند، خەڵک بە بێ گرفت ملکەچی بڕیارەکە بوون.

**- کۆکردنەوەی باجە لە لایەن حکومەتی ئەمریکاوە و لە ژێر چاودێری یاساکانی دیموکراسیدا**

پێش ئەوەی کە بتوانین بڕیار لەسەر ئەوە بدەین، کە ئایا حکومەتی دیموکراتیک بە ئابوورییەوە بەستراوە یان نا، دەبێ لەم بوارەدا هەڵسەنگاندنمان کردبێ. ئەگەر هاتوو ئێمە هەڵسەنگاندن و بەراوردکاریمان لە نێوان دوو

پێکهاتەی کۆماری دیموکراتیک و دەسەڵاتی ڕەهادا کرد، چارەسەرکردنی کێشەکە ئاسانە.

تێچووی گشتی لە رابردوودا لە چاو تێچووی ئەم دواییانەدا بەرچاوترە، تێچووی سەرجەم حکومەتە ئازادەکان لەگەڵ پێکهاتە ڕەهاکاندا بەراورد ناکرێ.

بەدڵنیاییەوە پێکهاتەی دیسپۆتیزم بە هۆی پێشگیریکردن لە تایبەتیکردنی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان، رێگە نادات کە ئابووریی وڵات گەشە بکا، لەبەر ئەوە کە خاوەن سەرمایەکان، سەرمایەکەیان لە بازاڕدا ناخەنەگەڕ، چونکە دەزانن هەلی بەدەسهێنانی ماڵ و سامانی زیاتریان بۆ نارەخسێ. ئەوە قەتیسکردنی سەرچاوەکانی دەوڵەمەند بوونە، لە کاتێکدا کە بە زۆری پێوەندی بە بەدەسهێنانی ماڵ و سامانەوە هەیە. بەڵام لایەنە ئەرێنییەکانی ئابووریی ئازاد زۆر زیاترە لە لایەنە نەرێنییەکانی:

ئەو خەڵکانەی کە تامەزرۆی دامەزراوە ئازادەکانن، هەندێک سەرچاوەی نەگۆڕ دەبیننەوە کە بە خێرایی ئاستی داهاتیان لە چاو ماڵیاتەکانیان دەباتە سەرەوە.

ئەو بابەتەی کە ئێستا من کاری لەسەر دەکەم، هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نێوان میللەتە ئازادەکان و ئەوانی دیکەیە، هەروەها ئاماژەکردن بە کاریگەرییەکانی دیموکراسی لەسەر ماڵیاتەکانی حکومەت دایە، بە مەبەستی دڵنیابوونی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە پێکهاتەی ئۆرگانییان پەیڕەوی لە شێوازی ئەوان دەکا و ناتوانن دەست لەو یاسا و بنەما دەسنیشان کراوانە هەڵگرن. بنەماکانی ئەو پێکهاتەی کە ئەوان پێکیان هێناوە، لە هەموو سەردەم و لە ژێر هەر جۆرە بارودۆخێکدا بۆ هەموویان هاوبەشە.

**- ڕەنگە خەڵک بەردەوام لە بواری مێنتاڵییەوە (زەینییەوە) بە سێ دەستە دابەش بکرێن.**

دەستەی یەکەم کە خاوەن ماڵ و سامانن، دەستەی دووەم لە بارودۆخێکی ئاساییدان و دەستەی سێیەم تێکەڵێکن لەو دوو دەستەیە، کە سامانیان نییە یان کەمە و بۆ مانەوە درێژە بە کار دەدەن و بڕیاراتی چینەکانی سەرەوەتر جێبەجێ دەکەن.

بەشێک لە شتە تایبەتییەکان بە چەندین بەش دابەش دەبن، کە ڕەنگە زۆر لە گەڵ بارودۆخی کۆمەڵگەدا بێتەوە، بەڵام ئەم دابەشکردنەیان هیچ کاتێک نابێتە هۆی لەنێو چوونیان.

ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی ئەوە کە هەر کام لەو چینانە کاریگەریی تایبەت و سروشتی خۆیان هەیە لەسەر بەڕێوەبەریی دارایی دەوڵەتدا.

یەکێک لەو سێ تایبەتمەندییانەی دەسەڵاتی یاسادانان، ئابووریی وڵاتە کە لەوانەیە نەبێتە هۆی دەسپێوەگرتنی پارەی وڵات. لەبەرئەوە کە حکومەت بەرێژەیەکی زۆر باجەکان کۆ دەکاتەوە، تەنیا بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی ژێرخانی وڵات، لە ڕاستیدا ئەمەش بەکەمی هەستی پێدەکرێ.

لە ڕاستیدا ئەگەر چینی ناوەندی کۆمەڵ توانای یاسادانانیان هەبێ، ئەوە بەدڵنیاییەوە ڕێژەیەکی زۆر لە باجەکان وەبەر دێنن، کە بە دڵنیاییەوە کۆکردنەوەیان، یان دابینکردنی داهات پێویستیی بە هەوڵدانێکی زۆر نییە. وا هەست پێدەکەم کە حکومەتی چینی ناوەندی باشترین پێکهاتەیە بۆ دابینکردنی ئابووریی وڵات. مەبەستم ئەوە نییە کە لێوەشاوەترین و بەخشندەترین حکومەتە بۆ وڵاتە ئازادەکان.

ئێستا ڕێگە بدەن گریمانەی ئەوە بکەین، کە ئوتوریتەی دەسەڵاتی یاسادانان لە نزمترین ئاستی سیستەم دایە:

**دوو هۆکارن کە دەبنە هۆی چوونە سەری ئاستی تێچوو و کۆسپ لە بەردەم دابەزینی ئاستی تێچوو.**

ئەو زۆرایەتییە مەزنەی کە پێکهێنەری یاساکانن، یاسایەکی ئەوتۆیان سەبارەت بە دانانی باج لەسەر ماڵ و ساماندا نییە، ئەمەش لە کاتێکدایە ئەو پارەی کە سەرف دەکرێ، لە بەرژەوەندیی گشتیدایە و لە پاوانی هیچ دەستە و تاقمێکدا نییە؛ هەر بۆیە ئەوانەی کە خاوەن داهاتێکی کەمن، ئامادەن کە شێوازگەلێک بدۆزنەوە کە بەو پێیە باجێکی قورس بخەنە سەر دەوڵەمەندەکان، واتە باج بە پێی ماڵ و سامان، کە ئەمەش لە بەرژەوەندیی کەمداهاتەکان دایە. هەر چەند کە سوودەکەی ناتوانێ لە بەرژەوەندیی هاوبەشیاندا بێ، بە تایبەتی کاتێک کە دەوڵەمەندەکان لە دەسەڵاتدان؛ لەو وڵاتانەی کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە چنگ هەژار و کەمداهاتەکاندایە، ناکرێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە پارەیەکی زۆر بۆ بوارە گشتییەکان تەرخان بکرێ، لەبەر ئەوە کە ناتوانن ڕێگەیەکی گونجاو بۆ وەرگرتنی باجەکان بدۆزنەوە و ناکرێ لەسەر هیچ یەک لە چینەکان باجی قورس دیاری بکرێ، بەتایبەتی لەسەر چینەکانی خوارەوەتردا.

بە واتایەکی دیکە دەوڵەتی دیموکراسی لە ژێر دەسەڵاتی هێزێک دایە کە دەنگدەرەکان لە دانی باج بەوان خۆ دەشارنەوە.

ڕەنگە هەندێکجار دەسەڵاتی جەماوەر کاریگەریی زیانباری هەبێ لەسەر ئابووریی وڵات، ئەمەش بە تایبەتی لە کۆمارە دیموکراتییەکانی کۆندا ڕاشکاوانە هەستی پێدەکرا، لەبەر ئەوە کە حکومەت بە مەبەستی دابینکردنی ئارامی و ڕەزامەندیی هاووڵاتیان و بۆ پێکهێنانی شانۆگەری و یارییەکانی دیکە، سەرچاوە ژێرزەوییەکانی زۆر بەکار دێنا و ئەمەش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی هەیە لە کەمکردنەوەی ئەم جۆرە سەرچاوانەوە.

پەخشان و تەخشانی ماڵ و سامان لە سیستەمی دیموکراسیدا کەمتر جێگەی نیگەرانییە، هەر چەند کە بەشێک لە خەڵک دەبنە خاوەنی ماڵ و سامان، لەبەر ئەوە کە لەلایەک، ڕێژەی یارمەتیی دەوڵەمەندەکان بەڕادەی پێویست نییە و لەلایەکی دیکەشەوە، سەپاندنی باج بەسەر ئەوانەی کە لەبەر دەستدا نین، ئەستەمە.

هەر بەم پێیە، مافی دەنگدانی گشتی مەترسی لە فەرانسە کەمتر دەبوو تا ئینگلتەرا، لە ئینگلتەرا تا ڕادەیەک دیاریکردنی باج بۆ سەرجەم ماڵ و سامانەکان لە سەڵاحییەتی چەند کەسێک دایە. لە ئەمریکا، کە زۆربەی زۆری هاووڵاتیان خاوەنی هەندێک ماڵ و سامانن، هێشتا بارودۆخەکەی لە چاو فەرانسە شیاوترە.

ڕەنگە هۆکاری دیکە هەبن کە دەبنە هۆی چوونە سەری ئاستی تێچوو لە وڵاتە دیموکراتەکاندا.

لە پێکهاتەی ئەریستۆکراتیدا، ئەوانەی کە لە بەڕێوەبەریی دەسەڵاتدان، یان ئەوانەی کە خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتیی تایبەتن، لە دانی باج دەبووردرێن: زیادکردنی دەسەڵات، دابینکردنی چارەنووسێکی بەختەوەرانە و بە دەستهێنانی ناو و ناوبانگی زیاتر، تەنیا بابەتگەلێکن کە تێدەکۆشن بۆی؛ پێگەیان زۆر لە سەرەوەی جەماوەرەوەیە و لە کۆمەڵگە تێناگەن و بۆ جەماوەریش نەناسراون، هەر بۆیە نازانن کە بە چ شێوەیەک خەڵک بەختەوەر کەن و ئەو بۆشاییە پڕکەنەوە.

لە ڕاستیدا وا نەبوو کە گرنگی بە دەرد و ئازاری چینەکانی خوارەوە نەدەن، بەڵام لەبەر ئەوە

که خۆیان هەڵقوڵاوی ئەو دەرد و ئازاره نەبوون، بەڕادەی پێویست هەستیان پێی نەدەکرد.

روانینی ئەوان بۆ حکومەت، ملکەچبوونی خەڵک بەو پێکهاته و دانان به چارەنووسیان، دابینکردن و داڕشتنی یاسا و چوارچێوەگەلی دڵخواز و شیاوە. مەبەستی ئەریستۆکراتی، زیاتر پاراستنی خۆیەتی تا برەوپێدان و گەشە پێدانی بارودۆخی کۆمەڵگە. بەڵام بە پێچەوانە، کاتێک کە خەڵک دەسەڵاتی مەزنیان بەدەسهێنا و دەرفەتیان بۆ رەخسا، کەوتنە هەوڵی دروستکردنی هەل و مەرجێکی باشتر و لەبارتر، لەبەر ئەوە کە هەستیان بە نالەباربوون و دژوار بوونی چارەنووسیان دەکرد.

تامەزرۆی ریفۆرم و چاکسازی لە بابەتە جیاوازەکانەوە دەبن، دابەزینی ئاستی تێچووی بەشە کەمبایەخەکان و بەتایبەتی گۆڕانکاری لە تێچوو و سەرفکردنی لاوەکی، دەبێتە هۆی پێشکەوتن و برەوپێدانی بارودۆخی چینە کەمداهات و خوارووی کۆمەڵگە، کە ناتوانن گۆڕانکاری لە بارودۆخی خۆیاندا پێک بێنن.

دیارە تێکڕای کۆمەڵگە دیموکراتییەکان بە هۆی ناهاوسەنگبوونی هەڵچوون و داچوونیان، هەروەها هێنانە کایەی چەندین داهێنان و نۆژەن بوونەوە کە تارادەیەک هەموویان پڕبایەخ و گرینگن، تووشی جۆرێک ئاڵۆزی و بشێوی دەبن.

لە پێکهاتە پاشایەتیی و ئەریستۆکراتییەکاندا، تایبەتمەندیی سروشتی دەسەڵاتدارەکان، زێدەخوازی و چاوبرسێتییە و لە رادەبەدەر تامەزرۆی دەسەڵات و ناو و ناوبانگن، هەربۆیە قبووڵکردنی ئەم جۆرە ویستانە زۆر دژوار و گرانن.

لەو وڵاتانەی کە پەیڕەویکردن و رەچاوکردنی یاساکانی دیموکراسی لاوازە، دەتوانرێ هەوڵ بدرێ بۆ چاکسازییان، ئەمەش پێویستیی بە لایەنی ئابووری بەهێزەوە هەیە.

خەڵک دەستیان کرد بە هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی بارودۆخی خۆیان، چەندین داخوازی نوێیان هێنایە گۆڕێ، کە پێشتر هەستیان پێنەکرد بوو، دابینکردنی ئەو ویستانەش پێویستیی بە رێکخستنی یاساکانی ئابووریی وڵات و سەندوقی پاشەکەوتکردن هەیە؛ ئەوەش لە کاتێدا روودەدا و رێژەکان روو لە زیادبوون دەکەن، کە ئاستی شارستانییەت و تێگەییشتنی خەڵک روو لە زیادبوون بکا و لە بەرانبەر زیاد بوونی باجەکاندا مۆن و گرژ نەبن. یاساگەلی ئەم بوارە زیاتر بڵاوبێتەوە؛ ئەمانەش بەدی نایەن مەگەر بەمشورخواردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ وڵات، نەک بە سەرفکردنی پارەی زۆر بەبێ هۆ، یان کەمکردنەوەی باجەکان.

چاکسازی ئەم بوارە ئاواتی هەر تاکێکە، بەڵام تێگەییشتنیان لە هونەری ئابووریی لاوازە، هەربۆیە ئەم جۆرە یاساگەلە جارجارە لە لایەن بلیمەتەکانی وڵاتەوە دەگۆڕدرێن، یان بە هۆی خراپیی چاودێریکردنی پێوەندییەکان، دەرەنجامی نەرێنی لێدەکەوێتەوە. ئەو برە پارەیەی کە لە هاوڵاتیان وەردەگیرێ، خەرجی حکومەت دەکرێ و بۆ گیرفانی خاوەندارەکان ناگەڕێتەوە، هەر چەند کە ئەم پارەیە خەرجی بەرژەوەندیی گشتی دەکرێ.

### - گەندەڵی و خراپی دەسەڵاتداران لە سیستەمی دیموکراسیدا و کاریگەرییەکانی لەسەر کەسایەتیی حکومەت

بێگومان یەکتر تاوانبار کردنی ئەریستۆکرات و دیموکراتەکان بە گەندەڵی لە گۆترە نییە و دەبێ

جیاوازییەک هەبووبێ لە نێوانیاندا. پێگە، پلەوپایەی مرۆڤە دەوڵەمەندەکان لە پێکهاتەی ئەریستۆکراتیدا لەسەرەوەی سەرجەم بابەتەکاندایە. بەڵام لە پێکهاتە دیموکراتیکەکاندا، سیاسەتوان و دەسەڵاتدارەکان سەر بە چینی هەژار و کەمداهات و تەنیا ماڵ و سامانی تایبەتییان لە پاوان دایە. هەر ئەمەشە وادەکات کە دەسەڵاتدارە ئەریستۆکراتەکان بە دەگمەن تووشی گەندەڵی ئابووریی بن، بەڵام ئەم بابەتە لە پێکهاتە دیموکراتیکەکاندا پێچەوانەیە. بەڵام لە ئەریستۆکراتیدا بە دەگمەن هەڵدەکەوێ، ئەوانەی کە خولیای بەدەستهێنانی ماڵ و سامانێکی زۆر لە ڕێگەی گرتنە دەستی پۆستگەلی سەرەکین، لە نێو دەسەڵاتدارانەوە هەڵقولاّ بێتن. بەڵام لە سیستەمی دیموکراسیدا بە پێچەوانە، ئەوانەی کە خوازیاری بەدەستهێنانی دەسەڵاتن زۆرن.

لەوانەیە لە وڵاتانی دیموکراسیدا بە کەمی مرۆڤەکان بە پارە بکردرێن و وەکو کۆیلە بەکاریان بێنن.

لەم جۆرە سیستەمانەدا کڕیارەکان، بەردەوام بە دەگمەن دەسدەکەون. بەڵام سەرەڕای ئەمەش، پێویستە کە بە شێوەیەکی یەکدەست بۆ شکست پێهێنانی ئەم هەوڵانە هەنگاو بنێین.

زۆرێک لەوانەی کە لە ماوەی چل ساڵی رابردوودا لە فەرانسە دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوو، تاوانبار کراون بە گەندەڵی و خەراپ کەڵکوەرگرتن وەرگرتن لە ئیمکاناتی حکومەتی بە قازانجی خۆیان، تاوانێک کە بە دەگمەن بۆ پیاوانی دەسەڵاتیش ئاشکرا دەبوو. بەڵام دیاردەی بەرتیل وەرگرتن و گەندەڵیی هەڵبژاردن تارادەیەک لە فەرەنسا نەناسراو بوو؛ لە کاتێکدا کە ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی بەرچاو و ئاشکرا وڵاتی ئینگلتەرای تەنیبوەوە: تا ئێستا نەم بیستوە کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا کەسێک تاوانبار کرابێ بەدانی بەرتیل بە دەنگدەران، بەڵکوو بە پێچەوانە، دروستی و راستگۆیی فەرمانبەرانی حکومەتی لەم پێناوەدا بە ناوبانگە و سەرکەوتنیان گرێدراوە بە نزمبوونی ئاستی کردەوە پیلانگێڕی و نائەخلاقییەکان.

کەوابوو ئەگەر لە پێکهاتەی ئەریستۆکراتیدا بەڕێوەبەرانی حکومەتی هەندێکجار هەنگاویان بەرەو گەندەڵکردنی کۆمەڵگە ناوە، ئەوا لە سیستەمی دیموکراسیدا، بەرپرسانی حکومەتی تووشی گەندەڵی دەبن، لە نموونەی یەکەمدا ئەخلاق و بەها کۆمەڵایەتییەکان راستەوخۆ هێرشیان دەکرێتە سەر، کە کاریگەرییە سەلبییەکانی هێشتا جێگەی نیگەرانییە.

**- هەوڵە شیاوەکانی دیموکراسی**

ماوەی نیو سەدەیە کە یەکیەتیی ئەمریکییەکان پێکهاتووە و لەم ماوەیەدا تەنیا یەکجار مەترسی هەڵوەشان هەڕەشەی لەم یەکگرتنە کردوە، کە ئەویش شەڕی سەربەخۆیی بوو.

لە سەرەتای ئەو جەنگە بەربڵاوەوەدا، هەوڵ و تەقەلایەکی نابەجێ کەوتە گەڕ، بە مەبەستی خزمەتکردن بە وڵات. بەڵام خەباتێکی درێژماوە بوو، تاقمێک تووشی لوتبەرزی و لەخۆبایبوونی بەڕێوبردن بوون، "بیت المال" زەوادی خودای تێدا نەبوو، ڕێژەیەکی کەم دەیانتوانی خزمەت بکەن لە سوپادا، ئاواتی خەڵک هێشتا بە دەستهێنانی سەربەخۆیی بوو، بەڵام لە هەموو شێوازەکان کەڵکیان وەردەگرت جگە لەو شێوازەی کە دەبووە هۆی وەدیهاتنی سەربەخۆیی.

هامیلتۆن سەبارەت بە یاساکانی بواری باج کە لە ژمارەی دوازدەی دەوڵەتی فیدراڵدا هاتووە دەڵێ: "هەوڵدان بۆ زیادکردنی باجەکان تەقەلایەکی بێهودە بووە" جەماوەر تێکڕا تووشی ناهومێدی و بێ هیوایی بوون، "بیت المال" بەتاڵبوو و بارودۆخی ئابووریی وڵات لە ئاستێکی هەرە خراپدا بوو.

بنەمای بەڕێوەبەری سیستەمی کۆمەڵگە گرێدراوە بە سروشتی دەسەڵاتی گشتییەوە، هەر بۆیە هاوکات لە گەڵ داکشانی ئاستی دراوی راستەقینە و ماڵ و سامان، ئاستی بازرگانیی دەوڵەت دادەڕمێ. تا ئێستا زۆربەی زۆری ئەو هەولانەی کە بۆ کۆکردنەوەی باجەکان دراون، سەرکەوتوو نەبوون. بەلام پاش ماوەیەک، یاسادانەرەکان ئەزموونی جیاوازیان وەرگرت لەو هەوڵە نائەقلانی و سەقەتانە؛ لەو کاتەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا شەڕی نێوخۆیی نەهاتۆتەوە ئاراوە.

پێویستە ئاگادار بین لەسەر بەرخۆدان و گیانبازی ئەو نەتەوانەی کە خوازیاری دیموکراسی بوون و بیانکەینە پارادایمی تێکۆشانی خۆمان.

چاوەڕوانی ئەوە لە خەڵکی ئەمریکا هەیە، کە بە توندی مشوری پێکهاتەی دەسەڵاتیان بخۆن و نیوەی داهاتەکەیان بۆ ئەم بوارە تەرخان بکەن، وەک ئەوە کە لە ئینگلتەرادا کرا، یان ئەوە کە وەک فەرەنسا چوار لە بیستی خاکی ولاتەکەی تووشی شەڕ و ئاژاوە بکا.